سەماحەتی حەکیم.. پاراستنی هاوسەنگی نوێنەرایەتی پێکهاتەکان دەروازەی سەقامگیرییە



لە میوانخانەی برامان جەنابی شێخ مبدر هادی ئەلفەتلاوی لە قەزای هندییە، بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی ئەنجومەنی حیکمەی نیشتمانی چاوی کەوت بە کەمەیلی شێخ و پیاوە دیارەکانی هەزەکانی ئال فەتلە لە کەربلای پیرۆزدا، لەم دیدارە بەڕێز حەکیم باسی ئەو یادەوەرییانەی کرد کە لەگەڵ ئەوان لەقۆناغی ووبەووبوونەوەی دیکاتێریەت وبنیاتنانی عێراقی تازە کێیکردوونەتەوە.

سەماحەتی ستایشی هێزەکانی عێراقی کرد وەك یەكەك لە گرنگترین چەسپێنەرەکانی کەمەگای عێراقی و جەختی کردەوە لەسەر پاراستنی هاوسەنگی و نوێنەرایەتی پێکهاتەکان و گوتی ئەو هاوسەنگی دەبەتە مایەی سەقامگیری، هەروەها جەختی کردەوە لەسەر گرنگی سەرکەوتن لە بواری خزمەتگوزاری و گەشەپێدان و ئاوەدان کردنەوە، هەروەها ستایشی ئەو رێگەی کرد کە حکومەتی ناوەندی و حکومەتی خەجێی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و بەرزکردنی کوالیتی کارەکان ئەنجامی داوە.